## پەردە لەسەر کودەتا و پیلانەکانی بزوتنەوەی ریفراندۆم هەڵدەدرێت..

**هیشام ئاکرەیی**

چونکە هیچ بەخۆداچوونەوەیەک لە هەڵسووکەوتی بزوتنەوەی ریفراندۆمدا بەدیٚ ناکرێت و بەرپێوەبەرانی سوورن لە سەر پیلانەکانی خۆیان دەربارەی کەسانی سەربەخۆ و بێلایەن و ئینکارکردنی ڕاستیەکان و ناوێرن نەبەڕاست یان هەڵە ئەم کۆمەڵە وتارە دەربێنن، ناچار دەبین بڕۆینە قوناغی دووەمی بەرەنگاربوونەوەکە و پێشانیان دەدەین ئەوان کێن و چ چۆرە تاوان دەکەن و چۆن دروستکراون، لە کویٚ و لە کیٚ بڕیار وەردەگرن و چۆن وەک ریکخراوێکی سیخوڕی هەڵسووکەوت دەکەن و کۆبۆنەوەکانی خۆیان چۆن بەڕێوە دەبەن و ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان هەیە لەو رێکخراوەدا کێن و چۆن تاوەکوو ئێستا دەیانەوێت هەندیٚ کەسانی سەربەخۆ بەکاربێنن بۆ ئەوەی کلکایەتی خۆیان بشارنەوە. لەوانە گرنگتر بڕیاری دروستبوونیان لە لایەن کیٚ دەرکەوتووە، و بۆ تەنیا هەندیٚ کەسانی ناو کۆمیتەی سلێمانیدا هەموو بڕیارەکان و پەیوەندیە گومانلێکراوەکان دەکەن و گەلیٚ نهێنی تر.

هەلبەتە، ئەم هەموو کردەوانە بەیەک جار و یەک نووسین تەواو نابن، بۆیە بە گوێرەی گرنگی بلاویان دەکەینەوە. گرنگترین کردەوەکانیان لە کۆتاییدا باسیان دەکەین و بەگوێرەی کاردانەوە و ڕاستکردنەوە و ڕۆیشتن بەرەو چەوتی، ڕاستیەکان دەخرێنە ڕۆ.

دەمەویٚ ئاگارداری هەموو ئەو مرۆڤە دڵسۆزانە بکەم کە نامە و بەڵگەیان لەسەر بزوتنەوەی ریفراندۆمیان لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ ناردون، کە بەندە بە هەمان شێوەی پاراستی دژبەرانی خۆی لە سیخوڕانی سەددام و هەروەها بە هەمان شێوەی بەرگریکردنم لە کەسانی تر، کاتیٚ لە ژێر ئەشکەنجەدا بووم و لەناو زیندانی بەعسدا بووم و نەک تەنیا ناوی ئەندامانی رێکخراوی خۆمم نەدرکاند بەلکوو ناوی کەسانی دژی رێکخراوەکەشم نەم درکاندن، بەهەمان شێوە ناوی ئەوانیش دەپارێزم و بەهیچ شێوەیەک ناوەکانیان ئاشکرا ناکەم و هەوڵ دەدەم بەشێوەیەک شتەکان بخەمە ڕۆ کە هەتتا بزوتنەوەی ریفراندومیش نەزانیٚ سەرچاوەی بەڵگە و قسەکان کێن. هەر وەها ئەوەش دەڵێم کە هەر بەڵگەیەک بە دەستم بگات سەرەتا لێکیدەدەمەوە پاشان وەک سەرچاوە بەکاردێنم. چونکە مەبەست لەم نووسینانە ڕەشکردنی بزوتنەوەی ریفراندۆم نییە بەلکوو ئاشکراکردنی ڕاستیەکانە.

لەم ڕۆژانەدا بزوتنەوەی ریفراندۆم لە دەرەوەی وڵات، کونفرانسی خۆیان دەبەستن بە بەشداری دوو نوێنەری بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان، یەک لە سەوزستانەوە هاتووە و دووەمیان کاک فەوزی ئەترۆشییە.

(پێویستە ئەوە بوترێت کە کاک فەوزی ئەترۆشی و لایەنەکەی هیچ پەیوەندیەکیان بە نەخشەکانی کاک هەڵکەوت و برادەکانییەوە نییە. ئەم کارانە تەنیا لە ژێر سەرپەرشتی چەند کەسانێک کە لە سلێمانی دادەنیشن و چەند ئەندامێک لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبرێن)

هەلبەتە بۆ ئەوەی پێشیی لەبەردەم ناڕاستیەکان بگرین، پێویستە بڵێم کە تاوەکوو ئەمڕۆ هیچ بزوتنەوەیەک نییە بە ناوەی بزوتنەوەی ریفراندۆم لە دەرەوەی وڵات، ئەوەی هەیە، چەند کۆمیتەیەکن و لە کاتی پێویستدا کۆدەبنەوە. کەواتە کاری ئەو کۆمیتانە تاوەکوو ئێستا کارێکی ڕەسمی نەبوو. چونکە کۆمیتەیەک بەناوی کۆمیتە یان فیدراسیۆنی ریفراندۆم لە دەرەوەی وڵات نییە.

کەواتە ئەمە یەکەمین کونفرانسە لە دەروەی وڵات بکرێت و ئامانجەکەی دروستکردنی کۆمیتەیەکی ریفراندۆم بێت. بەو مانایە ئەمە یەکەمین کونفرانسی بڕیاردەرە. هەر بۆیەش پێویست دەکات ئامادەکاری بۆ بکرێت و ئەوە مانگێکە کاک هەڵکەوت بە نهێنی و ئاشکرا خەریکیەتی.

بە گوێرەی نامەکان بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان ئامادەکاریەکی باشی بۆ ئەم کونفرانسە کردوە و لە ڕێگای ئەندامێکی دەرەوەی وڵات (ئەڵمانیا) کە بەر لە ئێستا بە 3 تا چوار مانگ گەڕاوەتە سلێمانی و

ئەندامی گەورەترین پارتە لە سێلێمانی، هەموو زانیاری دەربارەی هەموو ئەندامانی کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات بە کۆمیتەی کوردستان\ سلێمانی و کاک هەڵکەوت دراون.
سەرەڕای ئەوەی کاک فەتاح زاخۆیی کراوەتە برپرسی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەرەوەی وڵات، بەڵام چونکە جەنابی بەشدارنییە لە پلان وپیلانەکانی کاک هەڵکەوت وبرادەرانی لە دەرەوەی وڵات، تاوەکوو ئەمڕۆ کاک هەڵکەوت ڕێگای نەداوە کاک فەتاح هەتتا لە کربۆنەوەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا بەشداربێت. دیارە کاک هەڵکەوت و برادەرانی دەیانەوێت کارەکەیان لە گەڵ پیلانگێرانی ناو کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتدا ئەنجام بدەن.
لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە کاک (......) بە کاک هەڵکەوتی داون، هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ئەڵمانیا و کۆمیتەی سوید و کۆمیتەی نەمسا لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەکانی تری ئەورووپا، کە جێگای متمانەن و هەندێکیان سەربە پارتێکی دیاریکراون، لەسەر گەلێ خاڵ ڕێکەوتون دەربارەی دەنگدان لەو کۆنفرانسەدا و دەستنیشانکردنی ئەرکەکان.
ئەوەی بەم نەخشەیە نازانێت هاوڕێی کاک هەڵکەوت عەبدولایە کە بەیەکەوە لە کوردستانەوە هاتوون. ئەگەر پارتی توانیبێتن دڵنیابێت لە کۆمیتەکانی ریفراندۆم لە بادینان و هەولێر بەڵام بارودۆخی دەرەوەی وڵات جیاوازە.
لەم کونفرانسەدا کاک هەڵکەوت عەبدولا و هاوکارانی خۆیان بۆ دوو شت و کار ئامادەکردوە کردوە و نەخشەیان بۆیان داناوە. بۆ ئەو مەبەستە لەوەتی کاک هەڵکەوت هاتووتە دەرەوە چەند کۆبۆنەوەیەکی نهێنی لە گەڵ هەندێ ئەمدامانی تایبەت نەک لەگەڵ هەموو ئەندامەکان، ئەنجامدراون. کەواتە دوو جۆرە کۆبۆنەوەی ئەنجامداوە. یەک لەگەڵ کۆمیتەکان بەشێوەیەکی گشتی و دوو لەگەڵ ئەو ئەندامانەی کە قسەیان لەگەڵ یەکتری هەیە.
کاک فەوزی ئەترۆشی ویستی یەک سمینار دەربارەی ریفراندۆم لە هۆڵەندا بگێرێت. دیارە نەی دەزانی کۆمیتەی ریفراندۆمی هۆڵەندا چۆنە و ئاگای لە باروددوخی دەرەوەی وڵاتی نەبوو، ئەوەبوو کۆمیتەی ریفراندۆم لە هۆڵەندا سکالایان لێکرد و یستیان ڕێگا لەبەردەم هەتتا ئەو سمینارەش بگرن. لە ئاگامدا ڕێکەوتن بەهاوبەشی ئەو سمینارە ئەنجام بدەن. ئەمە تەنیا یەک نموونەیە بۆ بێ ئاگایی لایەنی تر لە ڕۆداوەکان و دەستبەسەراگرتنی کۆمیتەکان لە لایەن هەڵکەوتەوە، بۆیە کۆمیتەی ریفراندۆمی دەرەوەی وڵات بە سەرپەرشتی چەند ئەندامێکی کۆمیتەی سلێمانی و کاک هەڵکەوتەوە بەڕێوە دەبرێت.
کەواتە کاک هەڵکەوت و برادەرانی نەخشەیان بۆ دوورخستنەوەی کەسانی سەربەخۆیان داناوە، بۆ ئەوەی لەو کونفرانسەدا بەشدرانەبن و یەکەم کۆمیتەی ریفراندۆم نەکەوتە دەستی کەسانی سەربەخۆ. هەر بۆیەش کۆدەتایەکیان دژ بە کۆمیتەی باشووری سویدیان کرد. چونکە بەرپرسیاری ئەو کۆمیتەیە کە کەسانێکی سەربەخۆیە و پێشبینی ئەوە دەکرا چەند ئەندامێکی کۆنگرە وەک کاندێد دەستنیشان بکەن، دووریان خست و نەوێران هەتتا بانگی بۆ کونفرانس بکەن، چونکە لەوە دەترسان بێتە کاندید و بەرامبەر هەموو ئامادەبووان بە تایبەت کاک فەوزی ئەترۆشی کە بەشدار نییە لەو کارانەدا و ئاگای لێ نییە، هەموو ڕاستیەکان ئاشکرا بکات.
ئەم کۆدەتایە دژ بە کۆمیتەی باشووری سوید، کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم لە سوید ئەنجامیدا.
لایەنی دووەم کە کاک هەڵکەوت ویستی بەم پلانەیان نەزانێت، برادەرانی هەولێری ریفراندۆم بوون. بەم شێوەیە کاک هەڵکەوت کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی ریفراندۆم دروست دەکات، کە سەر بەوان دەبێت و کۆمیتەی هەولێر و کەسانی سەربەخۆی لە بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ریفراندۆم دووخستەوە. هەلبەتە لێرەدا نامەوێ نە بەرگری لە کۆمیتەی هەولێر و نەش کاک فەوزی بەڵام بابەتەکان چۆنن دەبێ بەو شێوەیە باسیان بکەین. هەر هیچ نەبێ تاوەکوو ئێستا بەم شێوەیەیە.
بەردەوامە..............